# هەفتەنامەی فیدراسیۆن

ژمارە 11

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQ REFUGEES-IFDR www.federasion.org

هەفتەنامەی فیدراسیۆن ، بلاوکراوەیەکی هەفتانەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

20ی کانوونی دووەمی 2008


## فنلاند / ڕێگە مەدەن ناسری و معماری دیپۆرتی ئیران بکرێنەوە !

نا بۆ دیپۆرت نا بۆ اعدام




## لەبەر سەفەرەکەی باوکی خانووەکەی بۆ فرۆشتووە ...

شەپۆلی دیپۆرتکردنەوە بۆ کوردستان لە ساڵی ڕابردودا بەشێوەیەکی بێ وێنەبوو کە ئاماژە بە دیپۆرتکردنەوەی زیاتر لە 15 هەزارکەس دەکرێ. ئەم سال یەکەمین کاروانی دیپۆرتکردنەوە لەهەفتەی ڕابردودابوو کە زیاتر لە 120 کورد لە ئیتالیاوە ڕەوانەی یونان کرانەوەو پاشان لە یونانیشەوە ڕەوانەی تورکیا کرانەوە. ئاشکرایە کە هەموو ئەو پەنابەرانە لە تورکیاشەوە دیپۆرتی کوردستان دەکرینەوە. ئەمە لەکاتیکدایە کەیەکێک لەو پەنابەرانە ئاماژەی بەوەکردوە کە "لەبەر سەفەرەکەی باوکی خانووەکەی بۆ فرۆشتووەو ئێستا بێ خانون . لەنێو ئاپۆرەو جەنجاڵی ئەم هەواڵە دڵ تەزێنەدا ئەوەی کەدەبێتە تایتڵی سەرەکی،دیپۆرتکردنەوەی 120 پەنابەرە ، ئیتر بێ خانەو لانەبوونی خێزانێک و فرۆشتنی سەرمایەی ژیانیان بەهیوای بەهرەمەندکردنی کوڕەکەیان لەمافی پەنابەری نابێتە جیگەی سەرنج و تیاراماو وبەرۆکی هیچ ناگیرێت...B بۆ لاپەرە

## ئەڵمان / ئەنجومەنی پەنابەران لە هەرێمی نۆرد ڕاینی ئەلمانیا پشتگیری لە کارو چالاکیەکانی فیدراسون دەکات

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 12.1.2008 عرفان کریم نوێنەری فیدراسیۆن لە ئەلمانیا بەشداری لە کۆبوونەوەیەی گشتی ئەنجومەنەکانی پەنابەران لە هەرێمی ( نۆرد ڕاین ڤێستفالن) لە ئەلمانیا کرد، ئەم کۆبوونەوانە 2 مانگ جارێک دەبەسرێت و تیایدا نوێنەرانی سەرجەم ڕێکخراوەو ئەنجومەنەکانی پەنابەران لەهەرێمدا بەشداری دەکەن و گوزارش لەسەر کارو چالاکیەکانی خۆیان دەدەن و بەنارمەڕێژی دەکەن کارەکانی دوو مانگی داهاتوویان، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 12.1.2008 عرفان کریم نوێنەری فیدراسیۆن لە ئەلمانیا بەشداری لە کۆبوونەوەیەی گشتی ئەنجومەنەکانی ....B بۆ لاپەرە 4

## سوید / سۆزان حسین لەگەل نوینەری بەرپرسی دائیرەی کۆچی سویدی لەسەر کێشەی پەنابەران کۆبووەوە .



**سەردانی ماڵ پەڕی فیدراسیۆن بکەن :**

**www.federasion.org**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## سۆزان حسین لەگەل نوینەری بەرپرسی دائیرەی کۆچی سویدی لەسەر کێشەی پەنابەران کۆبووەوە

سۆزان حسین ئەندامی سکرتاریەتی فیدراسیۆن رایگەیاند: دۆێنی لەشاری ستۆکۆلم لە ( سۆلنا) لەگەل بەرێزان ( Mats Bakraman ) نوێنەری بەرپرسی دائیرەی کۆچی سوید و (Mikael Frejd) بەرپرسێکی بالا لە دائیرەی کۆچی سوید لەسەر کیشەی 1400 کەس پەنابەرانی کوردی عیراق کۆبوونەتەوە. لەم دیدارە بە درێژی باسی هەلومەرجی پەنابەرانی کوردو تازەکردنەوی ئیقامەی یەک سالّی بە پەنابەران وەترسی سیاسەتی گێرانەوەی پەنابەران و هەروەها بارودۆخی ناجێگیری ونائەمنی کوردستان و هۆکارەکانی ئاوارە بوونی خەلکی کوردستان کراو پاشان ئاماژە درا بەو بریارەی دادگای بالای کۆچی سوید کە رۆژی 2/26 داویەتی بە درێژ نەکردنەوەی ئیقامەت بۆ زیاتر لە 1400 پەنابەری کورد عیراقی و گیرانەوەی پەنابەرانی کورد بۆ کوردستان ئاکامە زیان بارەکانی لەسەر باری دەروونی و تەندروستی پەنابەران ، هاوکات سۆزان حسین لەم دیدارەدا نامەیەکی فیدراسیۆن کە بەدرێژی باس لە سەر بارودۆخی نائەمنی عیراق وکوردستان و کێشەکانی پەنابەران وداواکاریەکانی پەنابەران بە هەلۆوشاندنەوەی ئەو بریارە ودانی مافی پەنابەری بە پەنابەران دەخاتە روو داوەتە دەستی وەزارەتی ناوبراو . سۆزان ووتی : لەم دیدارەدا ( بەیار ) پەنابەری کوردی عیراقی لەم کۆبوونەوەدا وەک یەکێک لە نموونەی زیندووکان و پەنابەرێکی کەم ئەندام کە لەسەر کورسی دەروات بەشداری کردوە کە چەند سالە وەلامی نیە وەک بەلگەیەکی ئاشکرا لەپێناو بەرپەرچ دانەوەی ئاکامە زیان بارەکانی ئەو سیاسەتە لە کۆبوونەوەدا باسکراوە.

وەفدی دائیرەی کۆچی سوید بەلێنیان داوە قسەکان و نامەی فیدراسیون بگەیەنن بە پەرلەمان و حکومەت و مناقەشەی بکەن و راستی قسەکانی سۆزان یان سەلماندوە لە نزیکترین فرسەتدا وەلام دەدەنەوە .

بۆ زانیاری زیاتر بە سۆزان حسین بە ژمارە تەلەفونەوە پەیوەندی بکەن / 0736746701

**فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**پێویستی بە کۆمەکی مالی ئێوەیە !**

« « « « « « « « « « « « « « « « « «

**بەدەستهێنانی خواستەکانمان و سەرکەتنمان لەگرەوی یەکگرتنی ریزەکانمان و هاتنەمەیدا نماندایە !**

« « « « « « « « « « « « « « « « « «

دریژەی... **لەبەر سەفەرەکەی باوکی خانووەکەی بۆ فرۆشتووە ...**

بەرۆکی هیچ کەس و بەرپرسێک ناگیرێت و بەم شێوە ژیانی خەلکی کوردستان بەهەلۆاسراوی دەهیلّنەوە. کاتیکیش کە خەلکی کوردستان لەبەر نەبوونی ئاو کارەبا و سووتەمەنی و ماف و ئازادیە فەردی و مەدەنیەکان رەنج دەبەن و دێنە سەرشەقام، بە فیشەک و زیندانی کردن وکوشت و کوشتار وەلامیان دەدەنەوە . بۆیە ئەگەر پۆلی پۆلی ئەو گەنجانەی کەدووینی لەسەر شەقامبوون ونارەزایەتیان دەردەبری ئەمرۆ بەرەو هەندەران برۆن ئەوا لەبەرژەوەندیاندایەو خۆ ئەگەر پاش ئەم هەموو دەردیسەری وکارەساتەی ژیانی ئاوارەبوون دیپۆرتش بکرینەوەو ئەوا لەگەل تەسلیم کردنەوەیان لە برایم خەلیلەوە بۆ چەند رۆژیک لە زیندان توونیدیان دەکەن و پاش دنیایەک سووکایەتی پیکرن ناچاریان دەکەن بە کارێک کە لە رێگەی فرۆشتنی هێزی بازوی خۆیانەوە بتوانن ژیانێکی مەمرەو مەژی بۆ خۆیان وئازیزانیان دابین بکەن و جاریکیە نە وەبیری هەندرەران و نە وەبیری نارەزایەتی دەبرین بن ۆژ بەو دەسەلاتەی کە لەسەر ئیسک و پرۆسک و خۆینی ئەو خەلکە دەسەلات و سەرمایەی خۆی بنیاد ناوە . هەربۆیە لەم قوناغەی ئەمرۆدا ئیتر ئەولەویەتی کاریان سەندنەوەی دەسکەوتەکانی خەلکەو لە سەرەتای کارەوە هێرشکردنە بۆ سەر ئازادی رۆژنامەگەری و بەئاشکرا بادانەوەیە بەلای هەمان یاساکانی بەعسدا کەئەمە ئیتر ئەمرۆ لە زمانی پەرلەمانتارانی خۆیانەوە دەبیستریت، نەک تەنیا لە لەسەر زاری ئازادیخوازانی خەلکی کوردستان بەرەی رادیکالی کۆمەلگاوە. بۆیە کار لەسەرکوت وهەرەشەوگورشەکردنی قەلەم بەدەستانی ئازادیخوازدا نەماوەو تەنانەت هەردوو سەرۆک کۆماری عیراق و سەرۆکی حکومەتی هەریم پەنجەی هەرەشەکردنی خۆیان لە"مایکل رۆبین "رادەوشینن بەلام نەک بەمەبەستی بەدۆرخستنەوەی هەموو راپۆرتکەی ناوبراو بەلکو تەنیا شینی (( هەژاری )) خۆیان و حاشاکردنیانە لەملیاردێربوونیان دەکەن. کەئەمەشیان بەر لەهەرشتیک پاکانە کردنیکە بۆ خۆیان لەلای حکومەتی ئەمریکاو ولاتانی هاوپەیمانەوە نەک لەبەر بەتەنگەوە چونی جێگەوریگەی خۆیان لەلای خەلکی کوردستان. چونکە خۆشیان دەمیلکە بەو راستیە گەشتوون کە ئەگەر بیت و چەکیان بە دەستەوە نەبیت دەمیک بوو رایانی مالّیبوو . ئەوەی راستیەکی حاشاهەلّنەگرە لە پەیوەند بە ژیان و چارەنووسی خەلکی کوردستان وئاوارەبوونی سەدان هەزار ئینسان و بیٔ بەش کردنیان لەهەموو مافە سەرەتایەکانی ژیانی رۆژانەیانە تەنیاو تەنیا حکومەت وحزب ودەسەلاتیکە کە ماوەی 16 سالە لەسەر ئیسک وپرۆسیکی ئەو خەلکە بوونەتە ملیاردیرو تازە بۆ هیشتنەوەی دەسەلاتی خۆیان یەک جارێکە یاساو رێساکانی بەعس دینەوە مەیدان ویەک دیسانەوە بەهەرەشەی زیندانیکردن و سزادان دەیانەوەی دەنگی نارەزایەتی خەلکی کوردستان کەپ بکەنەوە کە ئەمە مەحالەو ئەم دەسەلاتە لەپال بەرزکردنەوەی بالاخانە فرعەونیەکانی خۆیاندا گۆری لەنیوچوونی خۆشیان هەلدەکەنن و ئەمرۆبیت یا سبەی ئەم دەسەلاتە باجی ناشایستەگی و گەندەلی و سەرکوت و هەرەشەو گورەشەکانی خۆیان دەدەن !

**رێبوار عارف** 2008 . 1. 19

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## بۆ فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەفنلاند

بەسلاویکی گەرم

ئێمە بارزان ناسری ومەحمەد معماری بەلەبەرچاوگرتنی دۆخێکی سەخت کە بۆمان پێشهاتووە پۆلیسی فنلاند بریاری دیپۆرت کردنەوەمانی داوەو دەیانەوێت کە دیپۆرتی ئێرانمان بکەنەوە. ئێمە لە ئێوە بەرپرسانی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی داوا دەکەین وەک هەمیشە کە داکۆکی بکەن لە مافی پەنابەریمان .

ئیمە نامانەوێت بەهیچ جۆرێک بگەرینەوە بۆ ئێران و نامانەویت لەسایەی دەسەلا تێکی ستەمگەری وەک جمهوری ئیسلامی ئێراندا بژین بەلەبەراچاوگرتنی دۆخێک کە ئێمە لە دوورو نزیکەوە ئاگادارین کە لە ئێران پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە رێگەی زۆرێک لە رێکخراوە ئینسان دۆستەکانی جیهانەوە مەحکوم کراوە . نابەرابەری و بێ عدالەتی و بێ تەجوهی رۆژانە بە مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا لەبەردەمیدایە . هەربۆیە داواتان لێ دەکەین کە هەرکارێک لە دەستان دیت وممکینە وبۆتان دەلوویت بۆ داکۆکی کردن لە مافی بەرهەقی ئێمە دریخی مەکەن .

بارزان ناسری + محەمەد معماری

**2008/1/14**

**b b b b b b b b b b b b b**

**بۆ راوەستانەوە دژ بە بریاری دیپۆرت کردنەوەی بارزان ناسری و محەمەد معماری دەتوانن ناوی خۆتان لەم فۆرمە بنووسن کە بەهەردوو زمانی ئینگلیزی وفنلاندی لە سایتی فیدراسیوندا دانراوە !**

www.federasion.org/kurdish.htm

http://www.adressit.com/barzan

http://www.adressit.com/barzan-eng

# نا بۆ دیپۆرت نا بۆ اعدام ... نا بۆ ئیدارەی خارجیان

## دەزگای دیپۆرتی ئینسان

دوابەدوای بانگەوازی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەفنلاند بۆ سازدانی خۆپیشاندانێک دژ بەبریاری دیپۆرتکردنەوەی بارزان ناسری و مەحەمەد معماری دوو پەنابەری کوردی ئێرانی کە ماوەی سالۆنیوێکە لە فنلاند داوای مافی پەنابەریان کردوەو بەلام لەم رۆژانەدا بریاری دیپۆرتکردنەوەیان دراوە . ئەمرۆ کاتژمیر 11 نزیکەی 50 کەس لەخەلکی ئازادیخوازی فنلاندو پەنابەران لەبەردەم ئیدارەی خارجیاندا خۆپیشاندانێکیان سازکرد کە زیاتر لە سەعاتێکی خایاند کە چەندین جار بە بلندوگۆ دەنگی بەرز هاورکرا (نا بۆ دیپۆرت نا بۆ اعدام ... نا بۆ ئیدارەی خارجیان دەزگای دیپۆرتی ئینسان ). سەرەتا رێبوار عارف بە زمانی فنلاندی بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کردو پاشان قسەوباسێکی لە پەیوەند بە بارودۆخی سیاسی ئێران و ناوچەکەکرد کە کرۆکی قسەو باسەکەی تایبەت بوو بەدۆخی سیاسی ئەمرۆی ئێران ونەبوونی ئازادی بیروادەبرین وئازادی بەیان و رێکخراو بوون وفراوان بوونەوەو پەرەپیدانی جەوی سەرکوتی سیاسی ودەستگیرکردنی پۆل پۆلی خوێندکاران وهەلسورانی بزوتنەوەی کرێکاری و نەیارانی سیاسی وبەردەوام بوون لەسەر دەسگیرکردنی خوێندکاران و هەلسورانی سیاسی پەرەپێدان بە اعدام و سەنگسارو...پاشان قسەوباسێکی لەسەر گرنگی بەهێزکردنی سەنگەرێکی فراوانی راوەستانەوە دژبە سیاسەتەکانی حکومەتی فنلاند کردو دوای لە هەموو ئازادیخوازان و حزب و رێکخراوە فنلاندیەکان کرد کە داکۆکی بکەن لە ماف و داواکاریەکانی پەنابەران... دواتر بەرێز Sampo Villanen سکرتیری گشتی رێکخراوی لاوانی چەپی فنلاند قسەوباسێکی لە پەیوەند بەنائەمنی ئێران وئیمکان نەبوونی گەرانەوەی هیچ پەنابەرێک کرد بۆ ئەو وولاتە بەهۆی لەسەر کاربوونی حکومەتێکی سەرکوتکەرەوە کەئەمرۆ هەزاران کەسی ناچار بەرووکردنە هەندەرانکردوە..دواتر بەرێز Markus Himanen نوویێنەری ( رێکخراوی ئازادی جموجوڵ ) قەسەوباسێکی لەسەر سیاسەتی دژی پەنابەری حکومەتی فنلاند کردو لەنیو قسەکانیدا ووتی ئەگەر کەسانێک ئەمرۆ پێویست بکات کە لە فنلاندا دیپۆرت بکرینەوە ئەوە نووێنەرانی ئەحمەد نەژادو دەستەو دائیرەکەیانە لەم وولاتەدا نەک ئەو ئینسانانەی کەبەهۆی سەرکوتی ئەو حکومەتەوە ناچار بەهەلهاتن بوون..... دواتر جارێکی تر رێبوار عارف بە زمانی کوردی قسەوباسێکی لەسەر هۆکارەکانی ئاوارەبوون وگرنگی رێکخراو بوون و هەلۆێستگرتن لە پەیوەند بە رووداوەکانی ناوچەکە کرد کە ئەمرۆ بوونەتە مایەی نیگەراو نا ئەمنی کرنی ژیان و گوزەرانی ملیونەها ئینسان کە رۆژانە گوێ بیستی دەسگیری و ئازاروشکەنجەی ئەزیزانمان وتۆپباران کردن و بێ بەشکردنیانین لەسەرەتایترین مافەو ئازادیەکانیان...بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە پێشوازیەکی زۆر گەرمیان لە قسەو باسەکان کرادو هەر لەوێدا 4 کەس ئەندام بوونی خۆیان لە فیدراسیۆندا راگەیاند .

شایەنی باسە هاوکات ئەمرۆ رێبوار عارف چاوپێکەوتنی لەگەل ژمارەیەک لە دەزگاکانی راگەیاندن کرد لەوانە رادیۆ هلیسنیکی رادیۆ فنلاند وسەنتەری هەوالنێری وهەروەها هەوالی خۆپیشاندانەکە لەچەند سائتیکدا بلاوکراوتەوە . بەپێویستی دەزانین کە هەموو ئازادیخوازان ئاگادارکەینەوە لەوەی کەئێمە لەشکل وشێوازی جیاوازدا درێژە بەکارەکانی خۆمان دەدەین بەمەبەستی هەلسپاردنی بریاری دیپۆرتکردنەوەی ئەم دوو پەنابەرە .

فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەفنلاند

**2008 / 1/ 17**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## پاشماوەی ...ئەنجومەنی پەنابەران لە هەرێمی ...پشتگیری لە کارو چالاکیەکانی فیدراسیون دەکات

پەنابەران لە هەرێمی ( نۆرد ڕاین ڤێستفالن) لە ئەلمانیا کرد، ئەم کۆبوونەوانە 2 مانگ جارێک دەبەسرێت وتیایدا نوێنەرانی سەرجەم ڕێکخراوەو ئەنجومەنەکانی پەنابەران لەهەرێمدا بەشداری دەکەن و گوزارش لەسەر کارو چالاکیەکانی خۆیان دەدەن و بەنارمەڕێژی دەکەن کارەکانی دوو مانگی داهاتوویان، لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 12.01لە بەشی گوزارشی ڕێکخراوەکان عرفان کریم نوێنەری فیدراسیۆن باسی لەبارودۆخی سەختی پەنابەرانی کوردی عیراقی لەئەڵمانیا کردو ئاماژەی بەگرنگی پشتگیری وهاوکاری کردنی ئەم کەمپەینەدا لەلایەن ڕێکخراوەکانی پەنابەری و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ئەڵمانیا، لەبەرامبەردا ئەنجومەنی پەنابەران ئامادەکاری خۆیان دەربڕی بۆ پشتگیریکردن لە کارچالاکیەکانی فیدراسیۆن و بۆ ئەم مەبەستە لەچەند هەفتەی داهاتوودا باس چۆنیەتی دڕاشتنی بەرنامەیەکی هاوبەشدەکەن لەگەل فیدراسیون بۆ برەودان بەم کەمپەینەو ڕایانگەیاند کە دیفاع لە مافەکانی پەنابەرانی عیراقی لەسەرووی کارەکانی ئەم ڕێکخراوانەدایە.

عرفان کریم tel-00491726274423 ----arfan96@yahoo.de

کالسرۆ بکر حەمە 00491725799170 bakir0107@yahoo.d__tel

موینشن : ڕێبەر حەمە سالّح: 00491795719474 rebarhamasaleh@hotmail.com

3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3 3

کفری-سەباح عەلی قارەمان ( سبەی ) کاوەی سێ ڕۆژە زیاتر لە 120 کورد لە کۆمۆنیسیا کە سنوری ئیتالیایە دەستگیرکراون و ڕەوانەی یونان کراون ، پاشان ولاّتی یونان ڕەوانەی تورکیای کردوونەتەوە. لەمبارەیەوە گەنجیکی کورد لە وولاتی یونان کەنەیویست نامەکەی ئاشکرابێکرێت بە سەبەی ڕاگەیاند: ؛؛ هەندێک لەوانەی دەستگیرکروان لەو سنورەدا لە برسێتیدا سۆپەرمارکێتێکیان بڕیوە. یەکیک لەو گەنجانەی سنورداش کراونەتەوە بە سبەی ڕاگەیاند : " نزیکەی 7 هەزار دۆلارمان تا ئیستا لە دەستچووەو ماوەی چوار مانگیش ل ولاتی یونان گیرمان خوارد" گەنجیکی تر ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە " لەبەر سەفەرەکەی باوکی خانووەکەی بۆ فرۆشتووەو ئیستا بێ خانون .

پۆلیسی تورکیا 52 کۆچبەری نایاسایی لە شارەکانی ئەزمیرو مۆگلەو نادرنە دەستگیرکرد . بەرێوەبەرایەتی ئەمنی تورکیا لە بەیاننامەیەکدا بلاّویکردەوە ، ئەو کۆچبەرانە لە چەند خالّیکی پشکنینی ریگای سەرەکییەکانی شارەکانی ئەزمیرو مۆگلەو نادرنەی خۆرهەلات وخورئاوای تورکیا دەسگیرکراون . بەپێی بەیانامەکە کۆچبەرەکان خەلکی عیراق و سۆمال و جۆرجیاو مەفریب و فەلەستین و ئەفغانستانن و بەنیازبوون لە رێی تورکیاوە بچن بۆ ئەوروپا . [ هەردوو ئەم هەوالّە لە سایتی "سەبەی"یەوە وەرگیراوە]

## دەتوانن پەیوەند بکەن بە سکرتاریەتی فیدراسیونەوە


دەشتی جەمال
d.jamal@ntlworl.com
جەمال کۆشش
jamal-hasan@hotmail.com
بابان عسمان:
badasoz74@hotmail.com
جاسم غفور
jasm_rg@yahoo.couk
عمر ئەمین
omaramin8@hotmail.com
ئاسۆ گۆران :
asobalabarz116@hotmail.com
سۆزان حسین :
irakco@hotmail.com
ڕێبوار عارف :
fediraq@welho.com


## ناونیشانی پۆستی سکرتاریەت


IFIR:PO.BOX1575,ILFOD, IG1 3BZ, LONDON UK


“ “ “ “ “ “ “ “ “ “ “ “

هەفتەنامەی فیدراسیۆن بخوێننەوەو بیگەیەنن بەدۆستان وئاشنایانی دەوروبەرتان، ڕاپۆرت و هەوالّ و چالاکەیەکانی خۆتانی بۆ بنێرن و پرسیارو پێشنیارەکانتان بخەنەڕوو ، بەدڵنیای لەبەرچاویان دەگرین و وەلاّمیان دەدەینەوە !


سەرنووسەری هەفتەنامەی فیدراسیۆن
ڕێبوار عارف Tel: 00358 440464905


### فۆرمی ئەندامیەتی لە فیدراسیۆن

ناوی سیانی :

مێژووی لەدایك بوون :

ناوی شار و وولات :

ناونیشانی شوینی نیشتەجێبوونی ئیستە

ژمارەی تەلەفون :

ئیمەیل یا ژمارەی فاکس :

ئابوونەوەی ئەندامیەتی لە فیدراسیوندا سالانە بڕی 20 ئیرۆیە ئەگەر کەسێك بەهۆی بەهرەمەند نەبوونی لە بیمەی بیکاری یا گرفتی ئابووریەوە نەتوانێت ئابوونەوە بدات ، ئەوا دەکریت سکرتاریەتی فیدراسیون ئاگادارکاتەوە تا لە دانی ئابوونەوەی سالانەی فیدراسیون ببەخشرێت !

دەتوانم ئابوونەوەی سالانەی فیدراسیون بدەم R ناتوانم ئابوونەوەی سالانەی فیدراسیون بدەم Q

کات و شوینی داواکردنی ئەندامیەتی فیدراسیون واژۆ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com